# مۆتەکـەی خەیام

**هێمن عەلی – سویسرا**
heminalia@hotmail.com

دەگـەڵ خـەونـەکـانـتدا مـەجـەنگە، لـە تـۆ زۆر بـەهـێــزترن .
ئـەگـەر دەتـەوێت لـە دەستیان ڕزگاربی، دەبێت قبووڵیان بکـەیت .
**«پاولۆ کۆیلیۆ»**

کات سپێدەیەکی زۆرزووبوو، تازە ڕۆژ لەو شاخە ڕووتانەی بەردەمان بەئەستەم سەری دەرهێنابوو، تەپۆڵکەی شاخەکانش لە بەر پڕشنگی بەرەبەیان نیوەی سنگیان زەردهەڵگەڕابوون . تیشکەکانیش لەسەر گردەلۆڵکەکان وەک ژنێکی خەمبار خۆی دەنواند، کە لەژیانیدا بەبەبێ بەختی و دەردەسەری تەمەنی بواردبێت .. لەو سەرەوەش گەواڵە هەورێکی ڕۆشن لەگۆرەپانی ئاسمان هێورهێور خانمانە دەکشان بەرەو لای خۆرەکە دەهاتن لە دوورەوە بزەی خۆشەوستیان بۆ خۆر دەپژان، لێزانانە نمایشیان بە جەستەی لەشی لاری خۆیان دەکرد، بەلانسی حەزی گڕگرتووی خۆری بەو سەمایە ئەفسونایە وەجۆشدەهێنا، یەکبار خۆریش بە هەمان ڕیتم و هارمۆنی سەری لە نێو سنگ و مەمکەتۆزاویەکانی تەپۆڵکەکان بەرزدەکردەوە ڕووی گەشی خۆی دەردەخست، لە تەپوتۆزی شەو خۆی دادەکوتا .. خۆی ئامادە دەکرد بۆ ژوانی گزەنگ، ئامێزی بۆ جوانی و خۆشەویستی سروشت دەکردەوە . سا لە پێش ئەو ژوانە سەر لەبەری گیانلەبەرەکان پاکانەی ئۆباڵداریان دەکرد؛ " باڵندەکان بە جریوە و قریوەی بەیانیان سەمفۆنیا و ئۆپێرای سروشتیان دەژەنی، دار و درەخت و دەوەنەکانش دەگەڵ کزەبای ئەزەل خۆیان بەملاوئەولا بادەدا و دەستی یەکترییان گرتبوو گەڕ گەڕ چەپکە شاییان دەکرد بەبێ ئەوەی مەی بنۆشن تەواو مەست و سەرخۆشببوون " .


هۆمەر خەییام (1048 – 1123 )

بەو کازیوەیە تەنها خۆم و حاجیەکی پیری باریکەلەی ڕەنگپەڕیوو لەناو ماشێنێکی " پەیکان " ی

مۆدیل کۆنابووین، بە ناو ئەو سروشتە دڵڕفێنە دەسووڕاینەوە . حاجیەکە شوفێربوو، ئەزیش بە حایرمانەوە لەتەنیشتی دانیشتبووم . حاجیەکە، سەرجەم لەشی لەبەری پێیەوە تا تۆقی سەری بە دەستە جلکوبەرگێکی سپی خۆی پۆشتە کردبوو، تەنانەت پێڵاوەکانشی ڕەنگیان سپیبوون، کە جووتە کەوشێکی نازداری هەورەمانی لەپێدابوون . ناو ماشێنەکەشی بە ناسکە بۆنی شەڕاب بۆندارکردبوو، مامەحاجی ئارەزووی یەکەم و ئاخیری لەژیانیدا "مەی" بوو، پێیوابوو "مەی" دەرمانی هەموو دەردێکی بێدەرمانە؛ "دەرمانی دڵبریندارەکانە، هەروا دەرمانی ڕۆح سووتاوەکان و ئاشقەکان و پەرۆشەکانی ژیانە . فرەخاسیش دڵارامی دڵبەرەکان و گەورەکچانە " . لەلای مامە حاجی هەموو ئەوانەی لەو بەخشیشە خودایە "مەی" بێبەشن لەڕووی سایکۆلۆجیەوە شێواون« شادمان نیین»، بەڵکە ( **ڕۆحیان تەپخ و هشکە، دڵیان ساردوخوساوە و ئیرۆسشیان فتداوە** ) .. مامەحاجی بێ پسانەوە مەی دەنۆشی . سا، لەبەر زۆر خواردنەوەی شەڕاب، هاڵاوی مەی لە سەرجەم خانەکانی لەشی بەرزدەبەوە، کە ترمۆزێک شەڕابی سۆری تازەی لە کەمەریدا گرێدابوو، زۆر بەبێدەنگی جاروبار ترمۆزەکەی بەدەمییەوە دەنا لێوە وشکەکانی پێتەڕدەکردەوە، ڕووی زەردبووەکەی بەو شەڕابە سۆردەکردەوە .. دەمنادەمێکیش لەشوێنی خۆی وەک کەسێکی بریندار یان ئاشقێکی هەراش، جا لە تاو ئازارەکانی هاوار و ناڵەی لێ هەڵبسێت، وەها گۆرانی دەچڕینەوە . ئـا ئەم کۆپلە چوارینانە نموونەیەکن لە گۆرانیەکانی .. باشتر لە نەغمە خوانەکانێتین :

ڕابوێرە بەسەر بەرزی بە نان و ئاوێک
سەردامە نوێنە بۆ هەموو نا پیاوێک
لەم ژینە کە هەر دەمێکە دێت و دەڕوا
مەردایەتی مەفرۆشە لە پێناو تاوێک
یان دەیووت :
بۆ ژانی دڵان هەر مەیە دەرمانی بێ
زانا ئەوەیە تامی لە مەی زانی بێ
ئەو کۆنە پەڕۆی لێوی لەمەی پێدەسڕن
بەرماڵی هەزار ..... بەقوربان بێ

چوارینەکانم زۆر پێخۆشبوون، وەلێ ئاوازەکەیان بەدەمی مامە حاجی زیاد لە ڕادە خەمگینبوو، کە هەستی مرۆڤی زامدار دەکرد .. ئارەزووم دەکرد، بزانم ئەو چوارینانە هیی کێنە؛ هیی خۆیەتی یان هیی کەسێکی دیکەن ؟ ووزەم وەبەرخۆدا بۆ پرسیارکردن، هەروەها لە دواهەمین دێری چوارینی دووەمیش باش نەگەیشتم، ئاخۆ بەرماڵی هەزار پیرەژنە، پیرەمێرد، دەرویش، پادشایە.... بە لوتفەوە دەنگم هەڵبڕی کۆمەڵە پرسیارێکم بە ڕوویدا چەپاند پێمووت: " حاجی گیان ببورە ئایا ئەو چوارخشتەکییانە هیی تۆنە ؟ وەڵڵاهی ئەگەر تۆ هۆنیوتنەوە ئەوا گەلێک خۆشن، دەستت خۆشبی ! ئەی مامە حاجی ئەرێ دەشێی توخوا باسی ئەو بەرماڵەم بۆ بکەی، پێمخۆشە بزانم ئەو بەرماڵە هیی کێیە؛ کە دەیکەیە قوربانی دەسماڵی مەیخۆران ؟ " .

دەمێک چاوەڕێی بەرسڤی حاجیم کرد، تاکو وەرامی لێوەربگرم . وەلێ حاجی هەر تەماشاشی نەکردم دەتووت: پرسیارم لە دیوار یان تاشەبەردێک کردووە، دەگەڵ پرسیارەکانمدا بۆ چەند ئان و ساتێک لە گۆرانی ووتن داما و برۆیەکانی هاتنەوەیەک و چاوەمەستەکانی بەسەر لاڕوومەتە تووکنەکانی بچوکبوونەوە . وەلێ تورەبوونەکەشی جوانبوو، شێوەورووخسارەکەی تێکنەدابوو، کە لە چوارشێوەکەیت

دەڕوانی هەستت بە هێمنی دەکرد .. بەڵام بە هەمە حاڵ زۆربەخۆم داچوومەوە، کە وەرامی پرسیارەکانی منی نەدایەوە، موچڕکێکی گەرم بە هەموو لەشمدا گەڕا، چونکە لەوە ناخۆشتر نییە تۆ پرسیار یان قسە یان سلاوکردن، هەر شتێک ئارستەی کەسانێک بکەی بەرسڤت نەدەنەوە، با کەسەکە بەتەمەن منداڵ یان شێت، نەفام و گەلحۆش بێ؛ دەبێت ڕێز کەمێک لەخۆت بگری زۆرنـــا .. سوکایەتی بە ئینسان نەکەی .. تا هەنووکەش دەگەڵدابێت، کە ئێستا گەورەش بوومە، ڕقم لەو کەسانە هەرماوە کە لەتەمەنیی منداڵیمدا وەرامی قسەیەکی منیان نەداوەتەوە یان بە چەمۆڵە و گشکتێگرتن بەرسڤی پرسیارێکییان داوەتەوە .

لەدوای ئەو تەڕیق بوونەوەیە بە ئاگا هاتمەوە، دڵەخورپەیەکی لەناکاو ڕاپچڵەکاندم، ترسێکی تۆقێنەر لەشی داپۆشیم، کە هێز و توانام لەبەر بڕا پەڕوباڵم وەخۆبەردانەوە .. دەهەوڵدا وامدەزانی خێوە یان هەر خەونێکە ئاسا مۆتەکە ختۆکەم دەدات .. چاوەکانم هەڵگلۆفتن، خۆم دڵنیاکردەوە لەوەی کە خەون و خەوەکوتکێ نییە، نەهەش نیم .. سەیرە، دوێنێ شەو تا درەنگی شەو لە ڕێستورانتی "تورکەکان" قاپم دەشۆرین، لە دوایی قاپشۆرینش بە ئارامی لەسەر تەختی نووستن ڕاکەتم .. ئارامی چی و تەڕەماشی چی؟ تـا چاوم چوونە خەو لە تەقەتەق و ڕەقەڕەقی قاپ شوشتن زیاترم لە ناو مێشک نەدەهات، هیچ پیرەمێرد و حاجباتی وام نەک لە ڕێستورانت، بەڵکە لە خەونیشمدا نەبینیوە .. ئەوەش قەیناکە ئەی کوا ماشێنی " پەیکان "(1) لە ئەورووپا هەیە؟! ئەی بۆ ناڵێی ئەو ڕێگا و بانانە لە سوێسرا چ دەکەن ؟! بەخوای سەیرە، من کەسێکی بێدڵ و نەوێرۆک نییم، ئەگەر بشترسێم هەقم نییە ؟ لەرزوتا و هەڵامەتشم لێ نییە بێژم؛ "شڵەپەتێ"م گرتییە، وەڕێنە دەکەم .. نـەء، نـەء .. ئەی دەبێت ئەو پیرەمێردە خوداگرتووە کێبێت؟ "خدری زیندە" بێ، یان "بەعلەزبول"(2) کامەیانە ؟ بە بۆچوونی من "بەعلەزبول" ە، ئەگەر بەخۆشی نەبێت ئەوا یەکێکە لە فەرزەندەکانێتی .. یەقینم خدری زیندە نییە، چونکە"خدری زیندە" ئەلکهولست نییە، شەڕاب ناخواتەوە »موسڵمانە« .. نـا، نـا.. کێ ناڵێت ئەویش ئەلکهولست نەبێ؟ ئەی ناڵێن: لە بەهشت ڕووباری شەڕاب هەیە، مرۆڤەکان لە جیاتی ئاو بەس شەڕاب دەخۆنەوە، ئاو بۆ دەرمانیش لە بە هەشت بەدەست ناکەوێت، تەنانەت«عەیب نەبێت» دەستاوش بە شەڕاب هەڵدەگرن و هەمدیس غوسڵش بە شەڕاب دەردەکەن ؟! زانیم؛ ئەرێ وەڵا زانیم؛ خدری زیندە خۆیەتی، هەبێ و نەبێ ئەو شەڕابەی نۆشیشی دەکات، شەڕابی بەهەشتە دەگەڵە خۆی هانیوە، خۆ بۆنشی خاسە؛ دیارە بۆن و بەرامەی بەهەشت لێدێ .



مۆنومێنتی خەییام، نیشانپوور، ئێران

دڵی خۆم بەو بیرە ناچیزە دایەوە، هەردوو دەستەکانم زۆر بە هەژاری بۆ ئاسمان بەرزکردنەوە، پڕ بەسییەکانم داوای سۆز و بەزییم لە باری تەعالا کرد، ( خوشک و برایەکانم ) هەر تەنێ من وانیم هەمووومان واین کە دەگەینە حاڵەتی تەنگانە و ئاستەنگی گەورە پەنا دەبەینە بەر خودا، ئاسمانمان لەو کاتدا وەبیردێتەوە .. پشتم بە خودا بەست و خۆم دایە دەست قەدەر، ئەو جارەیان لە هەموو تشتێک بێ باکم .. هەرچی هات، بەخێر بێ .. ئەی فەلەک بۆ وەها زووت لێکردم؟! تا دوێنێ بۆخۆم بە دڵشادی قاپ و پەرداخم دەشوشتن، سفرەی مێوانانم پاککدەکردەوە . بە ئازادی کارم دەکرد، کەچی ئەورۆ هەوسارم کەوتۆتە دەست کێ ؟ ئەوە دنیایە زاڵمە، دنیا بۆ حەسەن و حوسێن، مەلیک مەحمود و سمکۆ و نازانم کێ و کێ نەمایە ؟ ئەوجا بۆ کەرەکرمانجێکی وەک من ! دەواز لەو ورێنانە بهێنە، ئاخۆ دەبێت ئەو پیرهەڤۆکە چ بەڵایەکم بەسەر سەربهێنێت؛ " دەمبات لەو کەور و کەندەڵانانەم فرێدەدات یان بۆ شارێکی ئاوەدانم دەبات "؟ کورە نازانم (!) هیچیانم ناوێت دەگەڕێمەوە سەر کارەکەی خۆم و بەس، ئاخر ئەگەر چەند خولەکێک لە وادەی کارکردن دوابکەوم؛ خڕ ڕۆژ لە کاژێر نۆی سەرلەبەیانی ئامادەنەبم، شێفەکەم«پیاوەتورکەکە»( **خودا سەلامەتی نەکات**) دەرمدەکات، لە کارنامەکەیدا وای بۆ نووسیوم، کە ئیمزام لەسەر کردووە .. دیسان بێکاردەمێنمەوە، چلۆن کارم پێ ئەدۆزرێتەوە، دواتر قوڕەشینەی کام چڵپاوی دنیا بێنم وەسەری خۆم بکەم، کە بە هەزار نارەی عەلی ئەو ئیشۆکەم چنگکەوتوە . ئەویش لەدەست بڕوات .. سا، لە تاوچارەنووسی خۆمدا لە جینگەڵمدەدا، بە پێیەکانم توووند پاڵم بە بنمیچی کووشنی کورسی ماشێنەکە وەنا، یەکەیەکە دڵی پەنجەکانی دەستشم لەناو لەپی دەستم گووشین، کەمێک هێرسم ڕەواندەوە . من ئەوەم باشە لەکاتی تووڕەبوونمدا زوو دانبەخۆمدائەنێم و ساردەبمەوە، ناهێڵم وەک گڕکانەکانی هەڵچوو بتەقمەوە، منداڵە وردکە قەشمەرییم پێبکەن .. بۆ چەند جارێکش بە خەیاڵمداهات پەلاماری بدەم و تێر شەقی بکەم، پاشان چوار پەلی بیگرم و لە ماشێنەکەی فڕێبدەمە خوارەوە و پەڕوباڵی تێکبشکێنم، هەلا بە هەلای ببێ . ئینجا بە خوایشتی خۆم ماشێنەکە لێبخوڕم، هەوساری خۆم بەدەستە خۆم بگرم .. بەڵام زوو لەو بیرۆکەیەش پەژیوان بوومەوە و دانام بەخۆمدانا و لە دڵی خۆمدا ووتم: " کورە خۆ شێت نەبووی دەست بوەشێنی، تا ئەو عومرە لە کێتداوە، خۆت بکەیتە تاوانبار، دواتر خەڵک چمان پێدەبێژن ؟ " .



سەرخۆشبە بە مەی، لە سەرت دەراوێژە کەسەر
ئەم کورتە ژیانە ڕێی خەمانی مەخەبەر    «خەیام»

مامە حاجی چاك لە حاڵی منی دەڕوانی؛ کە زانی لە حەد بەدەر پەشۆکاوم، چیتر خۆم پێناگیرێت .. قورگم پڕببوو لە گریانێکی کووڵ، تەڕای ناو دەمم دەگەڵ سرپەی هەنسك و نوزەی گریانم قووتدەدا، چاوەکانم فرمێسکی تێزان( وەیـــش ! ) .. مامە حاجی کە چاوی بەو دیمەنەی من کەوت بەلآنسی بەزەیی جولا، ئاورێکی تیژی لە نیگای من دایەوە .. هاوسات دەگەڵ ئاوڕدانەوەکەشی ماشێنەکەشی لەسەر لاتەریکە ڕێگاياکی بەردەڵان وەستاند، کە شۆڕدەبۆوە بۆ ناو زەندەدۆڵێکی زۆر قووڵ .. سا بەدرێژایی ئەو گەڕیانەمان بۆ یەکەمینجار "مامە حاجی" هاتەگۆ کە بە دەنگێکی سفت و سادە ووتی: "کاکە وانێک ئەوە بۆ ئەگری؟ ئەوە بۆچی هێندە خۆت دڕدۆنگ کردووە، چما ئەتوو من ناناسی من کێم؟ من" هۆمەری خەیام"م .. برالە کەمێک سەبرت هەبێت هاکا گەیشتنەجێ .. لەدوای قسەکانیشدا شانێکی دۆستانەی بۆ هەڵتەکاندم، ئیجا ماشێنەکەی ڕاپێچی سەر سەرڕێگایەکەی کرد و لۆغر لۆغر لێیخوڕی ..

دەگەڵ ڕێژنەی پەیڤەکانی مامەحاجی سەرجەم ئەندامەکانی لەشم چوستبوونەوە، پاڵەپەستۆی خوێنم نزم بۆیەوە، هەروەها ئەو تەمە ڕەشەی دەنێو سەرشمدا چێببوو، ڕەویەوە .. هەناسەیەکی دووورودرێژم هەڵکێشا، دەستێکم بە ڕۆندکەکانی خۆ داهێنا، دیسان بۆ پرسیارەسڕبووەکانم وەخۆکەوتمە .. تازە بت و تابووتەکانی بێدەنگیمان شکاندوون .

- ببورە مامە گیان تێنەگەیشتم ووتت کێم؟ بەڕێزت هۆمەری خاوری ؟!

- نەء، من ئەو نییم، ئەرێ وانێک بەو بەیانییە بۆ تەبیعەتم تێکدەدەی، ئەرێ چ خێرێکت پێبڕا پەرێشانت کردم ؟ ئەی وێڵاشە خۆشەوستەکەم "هۆمەری خاور" ڕەوانتان شاد، ئاخۆ دەبێت ئێستا پەری ڕۆحی پاکتان لە کام باخی فیردۆس باڵ لێکبدەن ...

- ببورە دووبارە دەبێژمەوە ئێوەکێن؛ ئایا ناکرێت خۆتان ناسبکەن ؟

- ( بە پێکەنینەوە )، ئەرێ بەڕاست نەوەی هەنووکەی کورد "خەییام" دەناسن ؟

- بەڵێ . ئەی چلۆن ؟ لە سەتەی ڕابردوو هەردوو نووسەری قەدرزان ( هەژاری موکریانی و کامەران بەدرخان ) چوارخشتەکییەکانی "خەییام"یان وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی یەکەمیان زۆربەی چوارینەکانی کردۆتە دیالێکتی سۆرانی، دووەمیان تەنێ ( 35 ) چوارخشتەکی گەیاندۆتە خوێندەڤانانی شێوەزاراوەی کورمانجی .

- ئێ دەباشە، ئەگەر من ئەوبم چ دەبێژی ؟



پەیکەری خەییام لە شاری نیشانپوور، ئیران

دەگەڵ ئەو سەرەپرسیارەیدا دووبارە دڵەکوتکەی جارانم تووشبۆیەوە، بەڵام ئەوجارەیان لە جاری پێشوو خراپتر مەلول و دڵتەنگ بووم، ئەو خۆشنگیینیە کورتخایەنەم زوو هەر بە فەریکی دەگەڵ دوایەمیین پەیڤی ئەو لێ پڕووکا .. زمانم گیرا قودرەتی ئەوەم نەما بە نوزەیەکیش وەرامی بدەمەوە، تەواو وەک کەسێک زمانی گرتبێتم وابوو . لاشەکەم خاوبۆوە، بە دەنگێکی نیوە گریان بە لالەپەتە ووت :

- مام هۆمەر. ئەرێ ئێمە لە کام دنیادایـنە؛ ئایا ئەمە ئەو دنیایەیە یان دنیایەکەی تر ؟

- کوڕیژگە، پێمناڵێی بۆ ئەوەندە پەشۆکاوی، ئەوە چتە ؟ گوێ لە مامی خۆت بگرە: دیارە تۆ لە هۆنراوەکانی من تێنەگەیشتووی هەر بەسەرپێیت خوێندۆتەوە .. تۆ هزری سەیر دەکەیەوە ئاخر پێمناڵێی ( کێ لە دونیایەکەی تر هاتۆتەوە ) باسی دنیایی دیکەم بۆ دەکەی ! ئەو نووسینانەشی لەسەر بوونی بەهەشت دنیایەکەی دیکە هەن، کۆمەڵە دەقێکن و تەنیا بۆ گەوجکردن و حۆلکردنی مرۆڤ نووسراون و بەس ( 3 ).

- ئەرێ، دەباشە واتە ئێمە لەو دنیایەی داینە ( **زیندوومە، هێشتان نەمردیمە** ) خودایە سپاس کە گیانم لە لەشادا ماوە .. بەڵێ مام خەیام ئەو چوارینەی تۆم لە یاددگەدا ماوە، کە ووتووتە:

بۆ بیری بەهەشت ئاگرێ کەوتیە چاڵ
خۆشتر لە خەیاڵی شیرنە بادەی تاڵ
بەس ترس و هومێدی بێ نیشان و بەڵگە
پێشینە دەڵێن: کەس بە خەیاڵ نەبوە بە ماڵ

- هەی ئافەرم ! گریمان بەهەشت ( ئەگەر هەبێت ) پێموایە هەروەک ئەو دنیایە کە بەنیئادەمەکان

ئێستە تیایادەژین، هیچ جیاوازیەکی ئەوتۆی نییە . بۆ ئێمە بەهەشتێک لێرە بۆخۆمان بە سانایی سازنەدەین، دوور لە خەون و خەیاڵ بە بەختیاری لەسەر ڕووی زەمین بەهەشتێک بۆخۆمان دروستبکەین . خۆ هەموو شتێکمان لەبەر دەستە؛ " شیر و هەنگوینە مشەیە، دیژیتالینە ( مەبەستم، مەیە ) ئەوە هەر لەبڕانە .. هەرچی چاوجوانە ئەوە نیوەی کۆمەڵە، با هەریەکێکمان بۆخۆمان چاوجوانێک «حۆریەک» هەڵبژێرین بازیی دەگەڵدا بکەین " . کاکە، ئەگەر بەهشت بوون ( وجود ) شی هەبێت هەر ئەو شتانەی لێیە .. پێشینە ووتویانە: **( تا پیاوی هەزار دەگاتە بەغدا دوورە ) .**

- مام خەییام دەگەڵتە چیتە دیژیتالین ؟ مەبەستت لە دیجیتاڵە یان .....

- ( بە پێکینەنەوە ) نەء . دیژیتالین جۆرە دەرمانێکە بۆ نەخۆشی دڵ بەکاردێ .. جا دیژیتالینی منیش بادەی مەییە، من هەر ڕۆژێک ئەو دەرمانە نەنۆشم دڵم نەخۆش دەکەوێت . ئەها بەڕاست، ببورە خۆ من لە یاددم چوو ترمۆزە شەڕابەکەم پێبدەم، فەرموو بینۆشە .

- ببورە من ئەلکهول ناخۆمەوە نەک لەبەرئەوەی پێم کفر و حەرام بێت، نەخێر . بەڵکە بڕوام بە داو و دەرمانێک نییە، ئازارەکانم بەنجبکەن .. پێم خۆشە ژان و برینەکانم بەسروشتی خۆیان سارێژببن نەک بە بەنجکردن . ئاخر دەزانی گەلێک پیتۆڵ و زانا لە گێتییدا لەسەر شەڕاب خواردنەوە دژایەتی بۆچوونەکانی تۆیان کردووە، لە جیهانیشدا ناوبانگیان ڕۆییوە . لەوانە فەیلەسوفی مەزنی ئەڵمانی" نیتشە" کە بە بڕوای ئەو ئەلکهولخواردنەوە بە پلەی یەکەم واتە : **" بیرنەکردنەوە و قبوڵکردنێکی بێتێفکرینی لاوازیەکانی ژیانە "** ( 4 ) .

- نازانم، ئەو کابرایەی تۆ باسی دەکەی شەڕابی خواردۆتەوە یاخود نـا، لەلای منیش گرنگ نییە ئاخۆ شەڕابی خواردۆتەوە یان نـا . بەڵام پێدەچێت لەڕووی گوزەرانەوە کەم دەرامەت بێت؛ بۆیە شەڕابی نەخواردۆتەوە؟ ئەگینا کێ هەیە لەسەر ڕووی ئەو زەمیینەدا حەز لە خۆشگوزەرانی نەکات ؟! لەسەر ئەو جۆرە کەسانە پەندێک هەیە کە دەڵێت : **( ڕێوی دەمی نە دەگەیشتە ترێ ئەیووت ترشە ) .**

- مامە خەیام ئەی ئێستا ئێمە بۆ کوێ دەڕۆین ؟ ئەی چ کار و خزمەتێکت بەمنە ؟

- وانێک، نۆکە دەچینە شاری بەهار پایتەختی کوردستان، لەوێشڕا دەچیینە ڕەزێکی گەورە کە ساڵانە بۆ خۆم لەوێندەر ترێ دەهێنم . جا بۆیە تۆم بانگکردووی بۆ ئەوەی لە ڕنینەوەی ترێ یارمەتیم بدەی، خۆت دەزانی من پیربووم تاقەتی کارکردنم نەماوە .. دوای ئەوەی لە کارەکەمان تەواوبووین من دەگەڕێمەوە زێدی خۆم ئوستانی خۆراسان، شاری نیشانپوور . تۆش بگەڕێەوە سەر ئیشەکەت لە ڕێستورانتی تورکەکان هەر قاپان بشۆ، خۆشت دوودڵ مەکە ئەوڕۆ لە شێفەکەشتم مۆڵەتم بۆ وەرگرتووی، ئەوجا چیت دەوێ کوڕە؟ دەبی خەنیببی، بۆ خۆت تێر تێر ڕەشمیلی بخۆ .

لە هیکڕا دەستێکی قورس لە دوواوە بە ئاگای هێنامەوە، کە ئاوڕم دایەوە، مام خەییام نەماوە، لە بڕی مام خەییام خزمەتچی تسووگەکە ( شەمەندەفەر ) بە دەستێک جلکی پرتەقالیەوە لەبەردەم من وەستاوە، کیسەیەکی ڕەشی بە دەستەوەبوو زبڵی ناو زبڵدانەکانی شەمەندەفەرەکەی کۆدەکردەوە . بە زمانی ئەڵمانی ووتی: **( ئینتشولدیگوون زی، ئاوف شتێهن) ( بەڕێزم ببورە، هەڵسەوە ) .** شەمەندەفەرەکە دەمێک بوو گەیبووە دوایەمین وێستگەی شەمەندەفەری ناو شاری " لوسێرن " لە نەفەر چۆل و هۆل بوو تەنێ منی تێداما بوو، کە تەماشای میللی کاژمێرەکەم کرد پێنج دەقیقە لە کاژێر نۆ لایداوە، زەندەقم چوو لە دەمی کارکردن دواکەوتووم ئاخر لەو وولاتانانەی ئەورووپی خاوەن کارەکان بێئینسافن و ویژدانایان تۆپیوە، کرێکارەکانی خۆیان لەسەر چەند باوێشکێک دەردەکەن، جا نەخاسمە چەند دەقیقەیەک لە کاتی کارکردن دوابکەوی !

( 1 ) **پەیکان**، جۆرە ماشێنێکی خۆماڵی ئێرانییە، کە لە دروستکردنی ( تصنیع ) ناوەخۆیە .

( 2 ) **بەعلەزبول**، یەکێکە لە ناوەکانی شیتان، سەرۆکی ڕۆحە پیسەکانە .
( 3 ) لە پێشەکی کۆمەڵە کورتە چیرۆکەکانی **( نهێنیەکانی سەری زمانی من و گۆی مەمکەکانی تۆ )**، " **دکتۆر جەزا چنگیانی** " وەرگیراوە.
( 4 ) نیتشە لە ژیانی تایبەتی خۆیدا بە شێوەیەکی سۆفیانە ژیاوە و دژایەتیەکی گەورەی خواردنەوەی ئەلکهولی کردووە . نیتشە لەهەموو ژیانیدا جارێک چوار پەرداخ بیرەی خواردۆتەوە، لە هەر شوێنێک دانیشتبێت هەمیشە شیری داواکردووە .. بۆ زیاتر زانیاری دەربارەی دیدی نیتشە بەرانبەر ئەلکهولخواردنەوە بڕوانە: **( مەریوان وریا قانع، ڕەهەند، ژمارە 11، ل 240 – 241 )** .

2007/10/07 لوسێرن